# شەوارەی شەوانەی سەفەر

بیرەوەری



**کاظم قادر**
Kazmkader72@yahoo.com

ئەم کەشتییە بە کەنار ناگات..نا
ئەم سەوڵە بەرگەی ئەم تەقەلایە ناگرێت...نا
کەنگێ زە مین  بوو بە زەریاو
زەریا ..کەنگێ هێندە ڕەزا تاڵ بوو
ئەوێ ڕۆژێ باوەڕێک بە کەنار نەبوو..نا
کەس زەریای خۆشنەدەویست..کەس...

بەشی حەوتەم

سبەی لە خەو هەستاین و قاوەو شیرێکمان تێکەڵ کردو خواردمانەوە، خواردنەوەی قاوەو شیرێکیتر نادیار بوو.پاشان ملی ڕێگەی هیچ شوێنێک و هەموو شوێنێکمان گرتەبەر،لە کوێوە دێین و بۆ کوێ دەڕۆین،نازانیین! نە ئەوە شوێنی ئێمەیە لێیەوە دێین و نە ئەوەی بۆی دەڕۆین! برادەرەکەشمان لە گەڵ بوو.ئەو گوتی چەند جادەیەک پێشترمان گەڕەکی عەرەب نشینەو دەتوانن لەو دەوروبەرە بمێننەوە تاکو پارەتان بۆ حەواڵە دەکریت.گوتیشی لە خانەکەوە نزیکن دەتوانن شەوانە سەردانیان بکەن بەڵکو جێتان بکەنەوە.ئیتر بە ناچاری لەوێ ماینەوە،نێو پارکو بەردەم سەنتەرێکی تەلەفۆنمان کردە قەراگەو خۆرنەوەزان! خاوەن سەنتەرەکە عەرەب بوو، وەکو گوتم ئەو گەڕەکو دەوروبەرە زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەب نشین بوون،هەروەها زۆریشیان شێوەی جلپۆشین و کرداریان شێوە کولتوری عەرەبی و ئیسلام و ئیسلامی بوون.هەندێجار ژنانێکم دەبینی کە لە گەڵ"پیاوە"کانیاندا بوون،دەمگوت ئەوانە خێزانی بنلادن و ئاخوندو مەلاکانی تالیبان و ئێران و شێخەکانی سعودیەیە.جلەکانیان سەرتادامێن پۆش و دەمامکو دەستکێشیان دەپۆشی و هیچ شوێنێکی جەستەیان بە دەرەوە نەبوو.هەندێجار هەستم دەکرد لە ئێرانی ئاخوندو ئەفغانستانی تالیبان و سعودیەی شێخەکاندام.بەڵام فریا دەکەوتم و

ئاوڕێکم بەملاو ئەو لای خۆما دەدایەوەو دەمبینی کچ و کوڕیک دەستیان لە دەست و ملی یەکدایەو لێوی یەکتر دەخۆنەوە،ئیتر پەشیمان دەبوومەوەو دەمگوت" چەمەکان هێشتا بێچەقەڵ نین"!

ئەو ڕۆژە لە نێو پارکو جادەکاندا دەسووڕاینەوەو سەرما ژانی پێدەکردین، سەرما ژانی سەختی سەرباری ژانەکان بوو.لەوانەیە مرۆڤ تاکو نەکەوێتە وەها دۆخێکی زوقم بەندەوە،لە ماناو مەرگی سەرما نەگات.سەرما مرۆڤ سڕ دەکات،ئومێدەکان دەکاتە بەستەڵۆک،مرۆڤ لە بیرکردنەوە دەخاو نازانێت چی لە گەڵ بکات!

ئەو ڕۆژە ئەو برادەرانە چەندینجار تەلەفۆنیان بۆ کەس و کاریان کرد تاکو پارەیان بۆ حەواڵە بکەن،دەیانگوت پارەمان لە یۆنانە و دەبوایە لەوێوە بۆیان حەوالە کرایە،ئەوانیش دەیانگوت دەبێت چەند ڕۆژێتر جاوەڕێ بکەن،گوایە بواریان نییە!

ئێوارەیەکی درەنگ چووم یەک دوو سەمونم کڕی و کرمەکرم بە ووشکی خواردمان.سعات دەو نیوی شەو دیسان گەڕاینەوە بۆ خانەکە،گوتمان بەڵکو جێگا هەبێ و ئەمشەویش لەوێ بخەوین.ئەو شەوەش کەمتر لە پەنجا کەس هاتبوو بۆیە جێگامانیان کردەوە.سبەی سعات هەشت هاتینە دەرەوە،پێیەکمان هێشتا لە ژوورەوە بوو سەرما چزەی لێهەستاندین،ئێمە چوونکە دنیای بیرو ئەندێشەمان زوقم بەند بوو،هەموو بەرگرییەکی ڕۆحی و جەستەییمان لە بەرامبەر سەرمادا لە دەست دابوو.

گەڕاینەوە نێو پارکەکە،پارکی ساردو ڕچیو.نێو پارکەکان کات و وەرزی خۆی هەیە بۆپیاسە کردن و کات بەسەر بردن،واتە ئەو کات و وەرزانەی سەرما نەماوەو کەش و هەوا خۆش بووە،نەک لەم وەرزی زوقم بەندەدا کە هەموو بوونێک بووەتە شەختەبەند.نێو پارکەکان ڕازو حیکایەتی زۆری بێنەوایان و کۆچبەرانی تێدایە،ئەگەر دارو بەردو گەڵاو گوڵی درەختەکان بدوێنیت و بە قسە هاتبان،ڕازو حیکایەت گەلێکی تاڵ و پڕ ژانی نەدرکاوو نهێنی دەدرکێنن،کە تاکو ئەو کاتە هیج کەس پەی پێنەبردووە. هەموو کۆچبەرێک ڕۆژانێک لە بێ پەناییدا پەنای بۆ  پارکەکان بردووە،لەوێدا پیاسەی کردووە،لەوێدا دانیشتووەو نانی خواردووەو بیری کردۆتەوە، لەوێدا حەسرەت و داخی هەڵکێشاوەو دەیانجار گریاوە،لەوێدا جگەرەی کێشاوەو مەست بووەو بە مەستی خەوی لێکەوتووە،لەوێدا سەرما ڕچاندوویەتی..تەزاندوویەتی و گینگڵی پێداوە...

ئەو ڕۆژەشمان بە هاوتای ڕۆژگەلێکی پڕ لە ئازار بە ڕێکرد،ئازارێک بەشی ڕۆژانێکی زۆری دەکرد،ئەگەر کەم کەم و دڵۆپ دڵۆپ و بە شێنەیی بە گەرووماندا بکرایە.

شەو دیسان گەڕاینەوە بۆ خانەکە،ئێمە کە هیچ شوێن و کارێکمان نەبوو هەر دەبوایە  سەرێکی ئەوێمان  بدایە. ڕۆیشتین و گوتمان  بەڵکو  جێگەتان هەبێت؟ بەڵام گوتیان جێگەمان نییە! گوتمان دەرەوە ساردەو ڕەق دەبینەوە ئەگەر ڕێگە دەدەن لە ڕیڕەوەکاندا دەخەوین؟ "ڕێڕەوەکان زۆر بوون و جێگەی سەدان کەسی وەک ئێمەی تیا دەبووەوە،تێیدا بخەوێ و سەرمای نەبێت"،کەچی گوتیان خەوتن لەوێدا قەدەغەیە!!! بە دیوی دەرەوەدا نا .. بەڵام بە دیوی ناوەوەمدا قاقای گاڵتەجاڕیم لێدەدا!قاقایەک بوو خەریک بوو گەرووی دەدڕاندم! خەوتنی ئێمە لە سەر جادەو پەنا دیوارو بەر سەرماو باوبۆرانەکاندا قەدەغە نەبوو،کەچی قەدەغە بوو لەوێدا بخەوین و سەرمامان نەبێت! گوتیان..ببوورن..! دەبێت بڕۆنە دەرەوە.ئەوەش یاسایەو یاسا بوو ! یاسایەکی کوێر..ئایا ئەو یاسایە چی پەیوەندییەکی بە سۆزو ویژدان و ئەخلاقی مرۆییەوە هەیە؟!

ئیتر بە ناچاری و لۆژە لۆژ هاتینە دەرەوە،وەک بەرەو مەرگ و دۆزەخ بڕۆین وابوو.لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەڕۆن؟دیسان ڤیکتۆر هیگۆم هاتەوە یاد..ڕۆژانێک بوو لە بیرمدا بوو دەڕۆیشتم و لە بەر خۆمەوە ڕستەکەی ئەوم دەگوتەوە:"بۆ کوێ بڕۆم..نە شوێنێکم هەیە لێیەوە بێم و نە شووێنێکم هەیە بۆی بچم"! دیارە لە سەردەمێکی زووەوە شەقامە ساردەکانی پاریس مەنزڵ و خۆرنەوەزانی ئاپۆڕەی بێنەوایان و لانەوازان بووە،هەر ئەوەشە شاکاری بێنەوایانی هێناوەتە بوون.

شەوارەی شەوەکانی کۆچ..کۆتایی نەدەهات،لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر شەوارەکان کوێرترو.شەوەکان شەوەزەنگترو..کۆچەکان..بێحەوسەڵەتر دەبوون..ڕۆخسارەکان ڕەشترو نرکە نرکی دەم ئازارەکان بە سوێتر.. ئاسمان و

خۆرنەوەزانەکان ڕچیوترو..باڵەکانی فڕین سڕتر.. هەنگاوە خامۆشەکانی ئومید خامۆشترو ..چاوە ئەبڵەق و ماندووەکان ترسناکتر..! نوزە نوزی گۆرانییەکان دڵتەنگترو..سەرزەمینی غوربەتەکان غوربەتترین..

هەموومان خۆمان پێچابووەوەو دەستمان خستبووە گیرفانمان،بێ ئامانج دەڕۆیشتین و نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین؟لەو شەوە ساردو ڕچیوەدا پەیکەرگەلێکی بێنەوایی و ئاوارەیی بووین،بێسەمەرترین هەنگاوێکمان دەهاویشت نە هیچ مانیەکی تیا بوو نە هەنگاوی ئێمە بوو نە بە هیچ شوێنێکی دەگەیاندین. هەنگاوەکان بەرەو نێو پارکەکەی دەبردین،پارکی ڕچیوو زوقمبەند.بارانیش نەرم نەرم دایکردبوو،ترپەی باران،وەک ئاوازی مۆسیقایەکی غەمگین دەچوو،وەک ئێمە بلاوێنێتەوە،باران..وەک ئاوازێکی هێدی و وەک بۆ ڕۆح بدوێ..وەک دەست و پەنجەیەکی خۆشەویستی ،بۆ لاوانەوە بە سەر سەری منالێک پشیلەیەک سەگێکدا بێنیت،بە سەر سەری کاس و جەستەی شەکەتی ئێمەدا دەباری و.. دەیچپاند..ئارام بن..

هەر یەکێک بۆ سیپەو پەنا دیوارێک دەگەڕاین تێیدا هەڵکورمێین و ئەگەر توانیشمان تێیدا بخەوین!من پارچە کارتۆنێکم دۆزییەوەو لە پەنا دیوارێکدا ڕامخست و لە سەری دانیشتم،ئەوانیش هەر یەکەو بە لایەکدا تەرە بوون و ڕۆیشتن.حەقیقەتی شەوارەبوون کوێربوون تەرەبوون و ونبوونە.

باران بە نەرمی دەباری و کزەیەکی ساردیش لوولی دەدام،تەنها دانیشتبووم و جگەرەم دەکێشا،دووکەڵ پڕ بوو لە کزەی ساردی شەوو ڕۆح،کزەی ساردی ڕۆح و دەروونی مرۆڤێک هەست دەکات لە بیابانێکدایەو خاڵییە لە بوونەوەر..خاڵی لە مرۆڤ.خەڵکی بە لامدا تیپەڕدەبوون و سەیریان دەکردم،لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەی مرۆڤ وەرە با بە یەکەوە بچین بۆ ماڵتان..! دەوەرە بانگم بکە هەردووکمان هەر مرۆڤین! بە دەنگی بەرز بە ناوەوەی خۆمدا بانگم دەکرد،دەمگوت ئەگەر من تۆ بومایە" منم" دەبردەوە ماڵ..تۆم دەبردەوە ماڵ..! دەمبردیتەوە ماڵ و چای گەرم و جەرەم دەدایتێ،وەرە هاوڕێم مرۆڤ،ئەو نامۆبوونە لە یەکتر بۆچی؟!

دەمێک بوو تەنها دانیشتبووم و جگەرم دەکێشا،ئیتر کەسێک بە دەرەوە نەمابوو،لە شێوەی دانیشتن و هەڵکورماندا بەرجەستەببووم،خەوم دەهات و وەنەوزم دەدا.چەندینجار خەوم لێدەکەوت و بە ئاگا دەهاتمەوە،هەر کاتێک بە ئاگا دەهاتمەوە ڕجیوترو سڕتر دەبووم.هەموو لایەک کۆشکو ماڵ و باڵەخانەی بەرزی چەند نهۆمی بوو،لە خوارەوە سەیری ڕۆشنایی پەنجەرەکانم دەکردو بە حەسرەتەوە بووم ئەگەر بۆ چەند ساتێکی کورتیش بوایە،لە باوەشی گەرماییدا بخەوتبایەم،بیرم دەکردەوەو دەمگوت ماڵێک چی پەناو قەرارگەیەکە بۆ مرۆڤ،ماڵێک داتدەپۆشێ و سەرمات نابێت.

ئەو شەوە دەیانجار هەڵدەستامە سەر پێ و هەڵبەزودابەزم دەکرد.دەمویست کەمێک گەرم دابێم..دەست و قاچم ڕادەوەشاند..سەمام دەکرد..سەما لە ساردترین شەوەکانی شەوارەدا.شەوێک بوو ئەگەر نیگار بکرابایە دەتوانم بڵێم جوانترین تابلۆ دەبوو،تابلۆیەک پڕ لە شەوو باران و سەماو زوقمبەند..تارمایی لە مرۆڤێک دەچێ و سەما دەکات..سەمایەک پر لە جووڵەو هەر جووڵەیەک نمایشی چیرۆکێک..

ئەو شەوە بەشی تەمەنێک ڕچام و سەرمام بوو تەزیم،کات لەوەها دۆخێکدا تێناپەڕێت،لەوێدا دەبێت بە دیار چرکەوە دانیشیت و شەوی یەلدای شەوارەش کەی بە چرکە تەواو دەبێت! لە خۆشی و شادیەکاندا کات وەک بروسکە دەڕوات..لەو شەوانەشدا کاتێک سەرما دەتکا بە بەرد..وەکو ژەهر.دوای ئەوەی بە بەرد بووم ڕۆژ بووەوە،شەوو ڕۆژەکان لە ڕووی ساردو گەرمییەوە هێندە جیاوازییان نەبوو،ئێمە هەمیشە جەستەیەکی ساردو سڕ بووین.

دوای چەند ڕۆژ،کاتێک هیچ پارەمان پێنەمابوو،هاوڕێ تازەکەمان پێی گوتین لەم نزیکانە مزگەوتێک هەیە،بە هۆی مانگی ڕەمەزانەوە ئێواران خواردن دروست دەکەن و هەموو کەسێک بۆ هەیە بچێت نان بخوات،ئەو خۆیشی دەڕۆیشت.لەو ڕۆژە بە دوا ئێواران دەڕۆیشتین لەوێ نانمان دەخوارد.خواردنی باشیان دروست دەکرد،مریشکو برنج و شیرینی و خورماو زۆر شتیتر،خواردنەکان لە شێوەو دەستوری عەرەبیدا دەکران و پێشکەش دەکران،قاپ و تەشتی گەورەیان دەهێناو پڕیان لە برنج و گۆشت وهەندێجار ساوەر دەکردو لە ناوەڕاستی خەڵکەکەدا دادەنراو بە کەوچکو بە دەست دەیانخوارد،من حەزم لە ساوەر نەدەکرد کەچی لەوسەری دنیاش دۆزیمیەوە.

لەوێ جەند پرسیاریان لێکردین،خەڵکی کوێن و چی دەکەن لێرەو کێشەتان چییە؟ئێمەش هەندێک شتمان بۆ باس

کردن.هەروەها ئەو پرسیارەشیان کرد کە ئایا نوێژ دەکەن یان نا؟ من گوتم نوێژ ناکەم و ئەو برادەرانەش گوتیان گیانمان خاوێن نییەو بەو حاڵەشەوە هەندێکیان لە بەر خاتری ئەوان کەوتنە نوێژەوە! برادەرە تازەکەشمان لە دەرەوە نە نوێژی دەکردو نە ڕۆژووی دەگرت و لە نێو پارکەکانیشدا بە" پێوە" میزی دەکرد،کەچی لەوێ دەستنوێژی دەگرت و لە گەڵیاندا نوێژی جەماعەتی دەکرد.

لەوێ پێمان گوتن شوێنی خەوتنمان نییەو شەوانە لە دەرەوەو لە بەر ئەو سەرمایەدا دەخەوین، بەڵکو لێرەو لە مزگەوتەکەدا ڕێگەمان بدەن شەوانە تێیدا بخەوین؟ یەکێکیان کە جلی سپی پۆشیبوو ڕیشێکی درێژی دانابوو، گوتی ناتوانین جێگەتان بکەینەوە.بە قسەکانیاندا دیار بوو چاودێریان لە سەر بوو! ئەوان دیاربوون ئیسلامی بوون و سەر بە گروپە ئیسلامیەکان بوون.

لە بەر ئەوەی زۆربەی کاتەکان لە نێو ئەو پارکەدا بووین و هەر لە وێداو لە شوێنێکدا کە باران نەیدەگرت دەخەوتین،هەندێک خەڵکی ئەو ماڵانە ئاشنامان ببوون و دەیانزانی کێشەی پارەمان هەیەو بەو هۆیەوە لێرە گیرمان خواردووە.خاوەن سەنتەری تەلەفۆنەکەش دەیزانی،کاتێک پارەمان پێنەما بە قەرز تەلەفۆنمان دەکرد،گوتمان هەر کاتێک پارەمان بۆ حەواڵە کرا پارەکەت دەدەینەوە، ئەویش قایل ببوو.

هەروەها ژنێکیتر کە عەرەب بوو ماڵی لەو نزیکانە بوو،دوو بەتانی بۆ هێناین گوتی شەوانو بیدەن بە خۆتانا،سێ منداڵی تەمەن هەشت بۆ چواردە ساڵی هەبوو،دەیگوت حەزم دەکرد شەوانە بتانبەمە ماڵەوە بەڵام لە قسەی خەڵکی دەترسم،گوتی چوونکە هاوسەرم نییە...

چەند ڕۆژ بوو پارەم پێنەمابوو دەردە بێجگەرەیی سەری لێدابووم،ڕۆژانە چەند جگەرەیەکم دەکێشا ئەویش لە خەڵکم داوا دەکرد،داوای جگەرە کردن ئاسایی بوو،بەڵام هەموو کەسێکیش نەیدەبەخشی،من زۆر هەستم بە شەرم دەکرد کاتێک داوای جگەرەیەکم لە کەسێک بکردایە،بەڵام ناچاریش بووم، دەردی بێجگەرەیی پەردەی هەموو شەرمێکی دەدڕاند.یەکەم جارم بوو فلتەرو نیوە جگەرەیی سەر جادەکان هەڵگرم و بیکێشم.هەوڵمدەدا بڕێک بە دزییەوە هەڵیان گرم و کەس هەستم پێنەکات،کێشانی فلتەرو نیوە جگەرەی فڕێدراوی سەر جادەکان بەشێکە لە ژیانی کۆچبەران.

ڕۆژێک جگەرەیەکم لە خەڵک وەرگرتبوو هێشتا یەک دوو مژم لێدابوو،لە پڕێکدا یەکێک وەک لە ئاسمانەوە دابەزیبێت لە بەردەممدا قووت بووەوەو گوتی سیگارە،سەیرێکیم کردو گوتم لە من ڕووت و ڕەجاڵتر لەم شارەدا ئەمەیە..بە پەلە دوو مژی باشم لە جگەرەکەداو باقیەکەیم دایە دەستیەوە، ئەویش سوپاسێکی کردو ڕۆیشت،بە ڕاستی من حەزم نەدەکرد ئەو جگەرەیە بە هیچ کەس بدەم..بەڵام نەشمتوانی نەیدەمێ.

هەفتەیەک بوو هەر لە دەرەوە دەخەوتین و سەرما ڕەنگ و ڕۆخسارمانی گۆڕیبوو.شەوێک کوڕێکی گەنج ڕەشپێستێکی فەڕەنسی بوو،هاتە لامان و کەوتە قسەکردن لە گەڵماندا،ئێمە نەماندەتوانی لە مەبەستی تیبگەین، دوایی گوتی لە گەڵما وەرن،دوان لەو برادەرانە لە گەڵیا ڕۆیشتن. شوقەیەکی چوار نهۆمی لە پاڵمانا هەبوو نهۆمەکانی سەرەوەی ماڵی تێدا بوو،لە گەڵ خۆیدا بردیانیە ژوورەوە،لەوێ لە مەبەستی تێگەیشتبوون، گوتبووی شەو کاتی خەوتن من دێم و بە دزییەوە دەتانبەمە ژوورەوەو شەو لەوێدا بخەون.ڕێڕەوو سەر پلیکانەکانی دیاری کردبوو تێیدا بخەوین. خەڵکەکە بەوێدا هات و چۆیان نەدەکرد،بەڵکو بە سەرخەر–مەسعەدەکاندا هات و چۆیان دەکرد.ئێمەش گوتمان باشە،دوو شەو لەوێدا خەوتین هێندە سەرمامان نەبوو.پاشان بە باشمان نەزانی بە دزییەوەو بە بێ ئاگەداری ماڵەکان لەوێدا بخەوین،ئیتر نەچووینەوە بۆ ئەوێ و دوایی ئەو برادەرەمان بینی سوپاسمان کرد.

ڕۆژێک لە نێو پارکەکەدا بێپارەو جگەرەو وڕوکاس دانیشتبووم و بە بیرم نایە ژانە خەیاڵ بۆ کوێی بردبووم،لە نزیکما دەنگێک بە ئاگای هێنامەوەو بە دەست ئاماژەی بۆ سەر جادەکە کرد کە یەکێک بانگم دەکات.دیاربوو زۆر بانگی لێکردبووم من ئاگام لێنەبووە،منیش سەیری لای جادەکەم کردو بینیم سەیارەیەک ڕاوەستاوەو شۆفێرەکەی بە دەست ئاماژەم بۆ دەکات بۆ لای بچم.گوتم دەبێت کێ بێت؟من لەم شارە نە کەس دەناسم و نە کەس دەمناسێت! هەستام و چووم بۆ لای،کە نزیکی بوومەوە سەیرم کرد کوڕە فەڕەنسیەکەو دەستی بۆم درێژ کردو پاکەتێکی جگەرەی مارلبۆرۆی دایە دەستمەوەو گوتی ئەوە بۆ تۆ! من ئەگەرچی تاسەی جگەرەم دەکردو نزیکەی کوێراییم بۆ جگەرە داهاتبوو،بەڵام ئەوەی زۆر خۆشحاڵی

دەکردم و ئارامی پێدەبەخشیم میهرەبانی و مرۆڤدۆستی ئەو لاوە بوو.وەک هەست بە ئازارو سەرماو شەوە ساردەکانی ئێمە بکات،شوێنی خەوتنی بۆ دەدۆزینەوە،وەک ئاگای لە دەردو سەر ژان و خەمی گەورەی بێجگەرەیی من بێت،دەهات و پاکەتی جگەرەیی بۆم دەهێنا.مرۆڤێکی خۆشەویست و مەزن بوو بە لامەوە، مەزنی مرۆڤ لەوەدا نییە کاری مەزن بکات،بەڵکو مەزنی مرۆڤ لە مرۆڤدۆستیدایە،ئەگەرچی مرۆڤدۆستیەکەی لە کارێکی بچووکیشدا بکات.

ئەو کوڕە لەوە نەدەچوو پارەداریش بێت،هەروەها پێشم وابوو سەیارەکە هیخۆی نەبێت،چوونکە پێشتر هەمیشە بە پاسکیلەوە دەمانبینی و دەهات بۆ لامان.ڕۆژێک کە پارەی پاکەتێک جگەرەم پێمابوو،ئەویش بە پاسکیلەکەیەوە لە لامدا وەستابوو،پێم گوت دەتوانیت جگەرەم بۆ بکڕیت؟ لە بەر ئەوە بە ئەوم گوت چوونکە ئەو ڕۆژە یەک شەمە بوو،چەند دووکانێک لەو نزیکانە جگەرەیان دەفرۆشت داخرابوون،دووکانێکیتر هەبوو بە پێ دوور بوو.ئەو یەکەمجار واتێگەشت داوای جگەرەی لێدەکەم، دەستی لە گیرفانەکانی دەداو دەیگوت جگەرەم پێنییە.دوایی بە ئاماژەو وشەی سیگارەو مارکێت گوتم بڕۆ بۆم بکڕە، ئەو جارەش بە هەڵە تێگەیشت و وایدەزانی پێی دەڵێم بڕۆ بە پارەی خۆت بۆم بکڕە..! دەستی لە گیرفانوکانی دەداو لە حاڵێکی نیوە پەشۆکاندا دەیگوت نۆ مۆنی..نۆ مۆنی،پارە نییە،یاخود پارەم نییە.من پارەکەم بە دەستەوە بوو دیار بوو نەیبینیبوو،دواجار دەستیم گرت و پارەکەم خستە دەستیەوەو گوتم برۆ سیگارەم بۆ بکڕە..! ئینجا تێگەیشت و پارەکەی وەرگرت و وەکو با بۆی دەرچوو،دوای ماوەیەک هاتەوەو پاکەتێکی بۆ هێنام،منیش سوپاسیم کردو دوو جگەرەشم دایە،دوایی جگرەکانی دابوو بەو برادەرانەیتر..!

دوای دە ڕۆژ لەو نەخۆشخانەیەوە کە خانەکەی تێدابوو،بە سەیارە شەش کیسە خەویان بۆ هێناین،زانیبوویان لە دەرەوە دەخەوین و شەوانە هیچمان نییە بیدەن بە خۆماندا.پێنج ڕۆژیتر ماینەوە تاکو پارەمان بۆ حەواڵە کرا.ئەو پێنج ڕۆژە بە هۆی کیسە خەوەکانەوە هێندە سەرمامان نەبوو،بەڵام ڕۆژەکانی تاکو شەو دادەهات ڕچابووین.

دوای ئەوەی من پارەکەی خۆمم لێوەرگرتن،لەو برادەرانە جیابوومەوە. ئەوان گوتیان چەند ڕۆژیتر دەمێنینەوەو دوایی دەڕۆین بۆ کالاس.من بە تەنها چووم بۆ وێسگەی قیتاری کالاس،لەوێ کوردی تریش هەموون دەیانویست بۆ کالاس بڕۆن.ئەو ڕۆژە لە نێو وێسگەکەدا بووم و دەمویست بزانم بواری دەرچوون هەیە یان نا.بەڵام پۆلیس هیچ بوارێکی نەهێشتبوو. پۆلیس لە بەردەم دەرگای قیتارەکاندا دەوەستان و شکیان لە هەر کەسێک بوایە عێراقیە یان لە عێراقی دەچێت،داوای پاسەپۆرتیان لێدەکردن و نەیاندەهێست سەرکەون.ئیتر زانیم ناتوانم بە قیتار دەربچم.

ئەو شەوەش لەوێ مامەوەو لە پەنایەکدا خەوتم.سبەینێ لە گەڵ سێ کەسیتردا کەوتینە گەڕان بۆ پەیداکردنی تاکسی.هەموو تاکسیەک ئەو کارەیان نەدەکرد،چوونکە کارێکی نایاسایی بوو دەترسان بگیرێن و سزا بدرێن.ئەوانەش کە ئەو کارەیان دەکرد زۆربەیان عەرەب بوون،سعات جواری دوای نیوەڕۆ تاکسیەکمان پەیدا کرد،بە 260یۆرۆ ڕێککەوتین بمانبات،شۆفێرەکە گوتی خەڵکی فەلەستینم.

ئەو ڕۆژە هەر لە بەیانییەوە کەش و هەوا تەم و مژو باران بوو،هەموو بوون شەڵاڵی تەڕی و ئاو ببوو..ئاو لە پرچی ژیان دەچۆڕا..ئاونگ لە هەناسەی زەمین دەهات..کزەیەکی سارد لە گەرووی ساردی سروشتەوە هەڵیدەکردو حیکایەتەکانی کۆچی بە ژان دەکرد..باڵەکانی کۆچی سڕدەکردو نەوڕەسەکانی نائومێد..گەرووی تەنگی غەریبانی زام دەکردو هاوارەکانیان خنکاو...

نازانم بە چەبد سعات گەیشتین،سێ یان چوار سعات گەیشتینە کالاس، گەیشتینە خۆرنەوەزانی باڵندەکان،خۆرنەوەزان مەنزڵ و قەرارگەی کۆچ و فڕینەکان،باڵندە کۆچەرییەکان لەوێ بۆ ماوەیەک قەرار دەگرن و پاشان کۆچ دەکەن..شەوارەی شەوانەی کۆچی باڵندەکان لەم خۆرنەوەزانەدا لە شەوارەی هەموو خۆرنەوەزانەکانیتر کوێرترو تەرەو پەرتەوازەتر بوون. لیرە سەرما ژیانی ڕەق دەکردەوەو کزەی با وەکو چەقۆ بە نێو جەستەدا ڕۆدەچوو.لە تاکسیەکە دابەزین باران دەباری..بۆ کوێ بڕۆین..؟ باڵندەکان شەوارەو بێهێلانە بوون..وەک لە بیابانێکدا دابەزم وابوو،بیابانێک پەلکی سەوزاییەکی تیا نەبێت وەک نیشانەیەک بۆ ژیان...

ماوەیەک بە ژێر باراندا پیاسەمان کرد..ماوەیەک بە باراندا ڕۆیشتین و دەڕۆیشتین و نەماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین! لە گەڵ دوو کەسیتردا شوێنێکمان دەست نیشانکرد شەو تێیدا بخەوین،ژێر پردێک بوو باران نەیدەگرت.دوای سووڕان و گەڕانێکی

کوێرانە،دوای گەڕانێکی ئاوارەیی، درەنگە شەوێک هاتینەوە بۆ ژێر پردەکە.باڵندەکان شەوارەو تەرەبوون، حەقیقەتی شەوارەو تەرەبوونیش کوێربوونە،بۆیە هەر یەکو دوانەیەک کوێرانەو نەخوازراوانە بە لایەکدا دەفڕن و کوێرانەش لە شوێنێکدا دەنیشنەوە، کە شوێنی نیشتنی ئەوان نییە. هەرسێکمان لە تەنیشت یەکداڕاکشاین،من کیسە خەوەکەم لە پاریسەوە لە گەڵ خۆمدا هێنابوو،ئەوانیش هەر یەکەو چەند قەمسەڵەی گەورەی زیادەیان پێبوو،خستیانە ژێرو بانیان و منیش چوومە نێو کیسە خەوەکەوە.بە هۆی کیسە خەوەکەوە منیان خستە لای باکەوەو لە پاڵ یەکدا گورمیلە بووین.کزەبایەکی ناحەزانەی دەهات، تەقەلا بۆ خەو مەحاڵ بوو،کات تیدەپەڕی و ئێمە بە شەختە دەبووین. بە هۆی کیسە خەوەکەوە من کەمێک لەوان باشتر بووم،دیارە لەوان باشتر بووم،ئەگینا منیش ڕەقم بردبووەوە.کەم کەم خەومان لێدەکەوت و بە ئاگا دەهاتینەوە،هەرچەند کات تێدەپەڕی ئێمە زیاتر لوول دەبووین. درەنگە شەوێک بە ئاگا هاتم سەیرم کرد یەکێک لەو برادەرانە لە سەرماندا تەرە بووەو ڕۆیشتووە..دەبێت بۆ کوێ ڕۆیشتبێت؟!شەوارەی بەر تۆفان و زوقمبەند لە هەر شەوارەیەک پر دەردو ئێشترە.سەرما ئیرادەی مرۆڤ سڕ دەکات و دەیکاتە شەختەبەند،بە جۆرێک مرۆڤ تەنگاوو وێران دەکات، بێجگەی شوێنێکی گەرم بیر لە هیچیتر ناکاتەوە.

ماوەیەکیتر بە سەر چوبوو ئەو برادەرەش هەستاو گوتی با بڕۆین،گوتی خەریکە ڕەق دەبمەوە! گوتم بۆ هەر کوێ بڕۆین هەر وەکو ئێرە وایە،ئیتر بۆ کوێ و بۆچی بڕۆین!ئەو گوتی من ئارامم نەماوەو دەڕۆم،من گوتم جارێ نایەم،ئەو ڕۆیشت و بە تەنها مامەوە.خۆم خزاندە نێو کیسە خەوەکەوەو زنجیرەکەشم داخست،هێندە لوول ببووم وەکو تۆپم لێهاتبوو،دەست و قاچ و خۆمم بە خۆمدا ئالاندبوو! دەمویست ئەگەر بۆ یەک چرکەش بووە گەرم دابێم،بەڵام هیچ گەرم دانەهاتم،ئیتر منیش لە سەرماندا خەوم لێنەدەکەوت، لە نێو ئەو هەموو جلەی لە بەرمدا بوو،وەکو لە نێو شەختەدابم وابوو. تاریکو ڕوون بوو منیس هەستام و کیسە خەوەکەم پێچایەوەو دام بە کۆڵمداو بە دارە دار ملی شوێنێکم گرتەبەرو ڕۆیشتم،هەرگیز نەمدەزانی بۆ چی و بۆ کوێ دەڕۆم..!شوێنێک کە نەمدەزانی کوێیەو بۆ من هیچ ماناو بایەخێکی نەبوو.هەمیشە دەمگوت هەی لەم شەوارەبوونە! ئەم ڕستەیەم قەت لە بیر نەدەچوو! هەمیشەش شەوارەی سوێسکەکان و ئاسکەکانم لە بیرو خەیاڵدا بوو! خۆم–خۆمانم وەکو ئەوان وێنا دەکرد.دەمویست داوای لێبووردن لە سوێسکو ئاسکەکان بکەم و ئیتر ڕاویان نەکەم،کوێریان نەکەم و بەچکەکانیان نەدزم ! دەمویست پەشیمان ببمەوە.کەچی نەمدەتوانی!!

دەترسام بەڵێنەکەم بشکێنم..دەترسام! دەمویست و دەترسام،دەترسام و دەمویست..! دەمویست داوای لێبووردن لەو مامزانە بکەم،کە وەکو فێڵبازترین و تەڵەکەبازترین دزی دنیا،بەچکەکانیانم دەڕفاندو شێت و کوێرو شەوارەم دەکردن.من بەچکەکانیانم دەگرت و ئازاریشم دەچەشت، دەمویست نەیانگرم و دەبوا بمگرتایەن! ئاسکەکان بۆ بەچکەکانیان شینیان دەگێڕاو بە کێو دەکەوتن،مەترێکی ئەو دەوروبەرە نەدەما کە بەچکەکانیان تێدا دزراون ،دەیانجار ئەمسەرو ئەو سەریان نەکردبێ و نەگەڕابێتن! بۆنی باو دارو بەرد دەکەن..بەڵکو بۆنی بەچکەکەیانی لێبێت..! بەڵکو بۆنی ئەوی بۆ بێنن..دایکە ئاسک لە دوای گەڕان و سووڕانێکی شێتانەو بێپەروا بۆ بێچووەکەی..دوای ئەوەی لە دۆزینەوەی نائومێد دەبێت،لە شوێنێکدا، ئەو شوێن و دەوروبەرەی بەچکەکەی تێدا دزراوە،وەکو پەیکەر دەوەستێت..! ئەگەر سەیری بکەیت هەرگیز باوەڕ ناکەیت ئەوە بوونەوەرێکەو گیانی تێدایە! زۆرجار بینیومە"لەو کات و شوێنەدا بەچکەکەی تێدا گیراوە" یەک سعات بێجووڵە وەتاوە..ماوەیەک سەیری ئەملاوئەولا دەکات..گوێ قووت دەکاتەوە بۆ چرپەیەک..لووت بە باوە دەنێت بۆ هەناسەیەک،کاتێک هیچ سۆراغێک هەست پێناکات..بە بەرد دەبێت..! ئەو وەستانەی هیچی لە وەستانی ئاسایی ناچێت،وەستانێک نییە کلکو گوێیەکانی بەرزو قووت بکاتەوەو وەک کێوییەکی یاخی و بە کەیف ڕاوەستابێت.وەستانێکە لە جۆری هەڵکوورمانە غەمگین و خەماویەکانی مرۆڤ،مرۆڤی نێو کارەساتەکان،ئەو مرۆڤەی دەستەو ئەژنۆ دانیشتووەو سەری بە ئێشی بە نێو کۆشیا بەرداوەتەوە،ئەویش کلکو گوێیەکانی دەخەوێنێ و سەر کزانە سەری بەردەداتەوە...

من و برادەرێک بۆ ڕاو ڕۆیشتین،ئێمە ڕاوی بەچکەکانمان دەکرد.بەچکەکان گەورە بوون و بە ڕۆژ نەدەگیران،دەبوا لە شەوداو بە شەوارە بمانگرتایەن.

بە ماتۆڕ ڕۆیشتین و بلاجکتۆرمان بۆ شەوارەکردن بە کار دەهێنا،من دەمزانی ئاسکێک لە شوێنێکدا هەیەو دوو بەچکەی هەیە.ڕۆیشین دوای گەڕانێکی کەم دۆزیانمانەوە،هەر لەوێدا یەکێک لە بەچکەکانمان گرت، بەچکەکە بە دەستمانەوە بوو

دەیبارڕاند،دەمانویست دەست و قاچی ببەستین و بیخەینە باخەڵمان.هەستمان بە خشەخشیک کردو لە ئێمە نزیک دەبێتەوە،بلاجکتۆرەکەمان لێدا بینیمان دایکی بەچکەکەیەو بەرەو لای ئێمەو بە دەنگی بارڕەی بەچکەکەیەوە دێت..!! هێندە لێمان نزیک ببووەوە یەک مەتر نێوانمان بوو! ئەگەر بمانویستایە دەمانتوانی ئەویش بگرین، بەڵام ئێمە بەو ڕووداوە ئەبڵەق بووین،شتێک بوو قابیلی وێناکردن نەبوو. حاڵەتێکی پڕ ئازار بوو بۆمان.هاوڕێکەم کە بێڕەحمترین ڕاوچی دنیا بوو، هێندە سەرسام و پەرێشان ببوو،گوتی با بەچکەکەی بەربدەین !من گوتم ئەمە بەر نادەین،بەڵام ئەویتریان ناگرین،بە بێ ئەوەی ڕاویتر بکەین، یەکسەر گەڕاینەوە بۆ ماڵ.

تاریکوڕوون بوو لە شوێنێکدا دانیشتم،جلوبەرگێکی زۆرم لە بەردا بوو،دوو قەمسەڵەو کڵاوو ملپێچ و چەند بلوزو هتد..هەموو مانا تاڵەکانی شەوارەو تەرەبوونم پێوە دیار بوو.ئارەزوی جگەرەم دەکردو لە نیوە شەوەوە لێم بڕابوو،شەست یۆرۆی پارەکەم بە تاکسیەکە دابوو ،باقیەکەشیم ئەو دوو ڕۆژە بە خواردن و جگەرە دابوو.جانتاو کیسە خەوەکەم دانابوو غەمگین لە سەری دانیشتبووم،دەمێک بوو شەووڕۆژەکانم بەو جۆرە بوون،هەم جەستەم  ماندوو بە ئازار بوو،هەم بیرو ئەندێشەم ئاڵۆزو جەنجاڵ.

هەر لەوێدا دانیشتبووم تاکو تەواو ڕۆژ بووەوە،کەم کەم خەڵک دەهاتنە دەرەوە.یەکێک بە لامدا تێپەڕ دەبوو،هەستام و کەمێک لە دوورەوە گوتم سیگارەیەک..پیاوێک بوو،ئەویش زۆر بە میهرەبانی و ڕووخۆشییەوە هات بۆ لام،دەستی بە گیرفانیدا کردو پاکەتی جگەرەکەی دەرهێناو جگەرەیەکی دایە دەستمەوە،پاکەتەکەشی نیشاندام هەر ئەو جگەرەیەی تێدا بوو،دوایی چەرخەکەشی دەرهێناو جگەرەکەی بۆ داگیرساندم.پاشان بە بزەیەکی زۆر شیرینەوە بە جێیهێشتم.زۆر سەیرم بە بزە پێکەنینەکەی دەهات،بزەیەکی سەیر بوو..شیرین و پڕ مەغزا بوو،پڕ بوو لە میهرو ڕوونیی ڕۆخساری مرۆڤێک،جوانیەکانت پێبڵێت،خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤت پێبڵێت،ئێمە قسەیەکمان لەگەڵ یەکدا نەکرد،بەڵام ڕۆخساری ئەو کە پێدەکەنی و دەست و پەنجەی کە پڕ بوو لە سۆزو خۆشەویستی و جگەرەی بۆ دادەگیرساندم، منی پڕ شادی دەکرد.من دڵنیام ئەوم هەڵە نەخوێندەوە،ئەو خۆی وابوو، ئەو مرۆڤێکی گەورە دیار بوو.لەو بەیانیە ساردو غەمگینەی منا،من  سیماو ڕەفتارێکی جوانم بینی و پڕ عەشقی دەکردم و دەمگوت ئەی مرۆڤ خۆشم دەوێن،ئەی بەیانیە غەمگینەکانم،تێتدا مرۆڤەکان چەند جوان پێدەکەنن..

دانیشتم و دەستم بە مژ لێدانی جگەرەکە کرد،هەست و سۆزو میهرەبانی ئەو مرۆڤەو لەزەت و نەشئەی بێپایانی جگەرەکەو خەم و ژان و هەژانەکانی خۆم و خەیاڵ  ئەندێشەکانم..هەمووی ئاوێتەو مووتوربەی یەکتر بوون و چەند دڵۆپ فرمێسکی گەرم گەرمیان پێڕشتم..دڵۆپەکان هێدی هێدی خوار دەبوونەوە.نەشئەو جۆش و خرۆشێکی سەیرو دەروێشانە دایگرتبووم،چێژێکی بێ سنوورم لە جگەرەکە دەبردو مەستی کردبووم. وروژابووم و هەستم بە توانەوەی شەختەکانی ڕۆح و جەستەم دەکرد، وروژانێک وەک حاڵی شێتانەی دەروێش..گۆرانیم دەگوت..ئەم گۆرانییەی بەهجەت یەحیام دەگوت:

خەڵکی ئەڵێن بۆچی هێندە گۆرانی بۆ عەشق ئەڵێی
لێم ئەپرسن شەیدای چی بووی ئاوا بە کووڵ بۆی ئەسووتێی
گۆرانی پەیامی رۆحەو ئاوینەی ناخی ئینسانە
تەنها ڕێگای دەربڕینی داخی دەرونی عاشقانە
شیعر هاواری ویژدانە..شیعر هاواری ویژدانە
کڵپەی سۆزگرتنی گیانە....
مۆسیقا بوورکانی سینەو لێزمەی بارانی چاوانە